# پاسه سوورەکە

هیوا قادر

کاتێک لەدەروازەکەی باخچەی ئاژەڵانی "سکانسن" هاتبوومە دەرەوە و لەبەردەم ویستگەکەدا لەدوای ئەو ڕیزە منداڵەوە وەستابووم بۆ سواربوونی پاسە سوورەکە، منیش وەک ئەوانم لێهاتبوو، پاسەکەی ئەوان بەرەو سەنتەری شاری ستۆکهۆڵم ئەڕۆیشت و ئەوەی من بۆ جێیەکی تر کە لەسەر پاسەکە نەنووسرابوو. کاتێک لەسەر کورسییەکەم بێ گوێپێدانە دەنگە دەنگی منداڵەکان و دەستراکێشانیان بۆ ئەو جێگایانەی لە پەنجەرەی پاسە سوورەکەوە ئەیانبینی دانیشتم، منیش لە پەنجەرەی پاسەکەوە دەستمکرد بە سەیرکردنی ئەو جێیانەی ئەوان نەیان ئەتوانی بیبینن، یاری کردن لەناو ئەو دوو زەمەنەدا بۆ من وەک سەیرکردنی ئەمدیوو و ئەودیووی چاوی ئەکرۆباتێک وابوو کەبەسەر پەتێکدا بڕوات. لەدیوێکمدا لەناو پاسە سوورەکەدا لەگەڵ ئەواندابووم، لەدیووەکەی تریشدا لەپاسێکی سوری تردا دانیشتبووم و بەناو شاردا ئەگەڕام و تژیبووبووم لەبەردەم بینینی ئەو شوێنانەدا کە بۆ یەکەمجار ئەمبینین، سەفەری پاسە سوورەکانی منداڵی من کونجکوڵی گەڕانی جوچکەیەکی ڕاکردو بوو لەژێر باڵی مریشکێکدا بۆئەوەی بزانێ دنیا جگە لەژێر باڵی دایکی چی تری تێداهەیە. لەدیوەکەی تریشمدا لەناو ئەو دەنگە دەنگی مناڵانەدا، وەک ئەوەی بە کۆنترۆڵێک هەمووان بێدەنگ بکەم، بێدەنگم کردبوون، کەوتبوومە نووسینی ئەو پارچە وەرەقەیەی لەجزدانەکەمدا دەرمهێنابوو، یەکەم دێڕ ناوی شیعرەکەم نووسی، "پاسە سوورەکە"، گوڕزە خۆرێک لەعەجولی لەچاومدا بوو، ئەمویست یاری لەنێوان دیمەنەکان و زەمەنەکاندا بکەم، "پاسە سوورەکە بردمی بۆ بەندەرە شینەکە، ئەوێ بۆنی ماسی لێ ئەهات، مراوییە پەڕ چەورەکانیش چاوێکیان هەر لەوردە سەمونی دەستی پیرێژنەکان بوو، لەدڵی خۆمدا ئەمووت؛ ئەگەر تۆ لێرەبوویتایە، نەباسی ماسیمان ئەکرد و نە لای مراوییەکانیش ئەوەستاین، بە پاسە سوورەکە هەموو شار ئەگەڕاین، لێشم ئەشاردیتەوە پێش ئەوەی بێیت، دڵم لێیدابوو کەهەردێیت".

وێنە نووسراوە تەواونەکراوەکانم لەسەر پارچە وەرەقەکە خستەوە ناو جزدانەکەم و لەسەنتەری شار لە پاسە سوورەکە دابەزیم، کەوتمە ناو شەپۆلی خێرا ڕەوتی ڕێبوارەکان و چووینە ناو تونێلەکانەوە، بە سەر شۆستەی بەر قیتارەکاندا دابەشبووین. بەدەر لەخەیاڵاتی ناو شیعرەکەم بیرم لای ئەو ژن و پیاو و منداڵە پەناهەندەیە بوو، کاتێک لە باخچەی ئاژەڵان لەگەڵ هاوکارەکانمدا لەبەردەم بەرێوبەرەکەدا وەستابووین، باسی شێوەی زاوزێ و خواردن و سەفەرەکانی ئەو پۆلە قاز و قولنگەی بۆ ئەکردین کە لە یەکێک لەچیمەنە تەڕەکانی ئەوێدا نیشتبوونەوە، لەویادا ئەو منداڵەی کە تا پێش چەند چرکەیەک پێ بەپێی دایک و باوکی ئەڕۆیشت، بەردێکی هەڵگرت و کەوتە ڕاکردن بەدوای قاز و قولنگەکاندا، دایکەکە زۆر بە تورەیی و هەستکردن بە خەجاڵەتییەوە

دەستی منداڵەکەی گرت و بەدوای خۆیدا ڕایکێشا، تا ئەو کاتەش منداڵەکە هەر ئاوڕی ئەدایەوە و چاوی هەر لەسەر قازەکان بوو، بەڕێوبەرەکە بەئێمەی وت: گەر ئەو منداڵە منداڵی من بێت ئەزانن چی لێ ئەکەم؟ هەموومان خەیاڵی وەڵامگەلێک بۆ لای خۆی بردین و کەچی هیچیشمان نەوت، بەڵام ئەو وتی؛ گەر ئەو منداڵە منداڵی من بوایە، خەڵاتم ئەکرد. چونکە ئەو منداڵە سەلماندی کە بۆماوەی ئینسانیی ئەو بۆماوەیەکی ڕەسەنە بۆیە دوای قازەکان کەوت، چونکە ئینسان لە سەرەتاوە ژیانی وەک ڕاوچییەک لەسەر ئەم ئەستێرە شینە دەستپێکردووە. هەڵگرتنی ئەو خەسڵەتە و مانەوەی لەو منداڵەدا نیشانەی ڕەسەنایەتییەتی.

وەستانی یەک بە دوای یەکی قیتارەکە لە وێستگەکان و چوونە دەرەوە و هاتنە ژوورەوەی موسافیرەکان، خەیاڵیان لەگەڵ خۆیان ئەبردم و ئەیانهێنامەوە، بەخۆم ئەوت ئەی من ئەبێت بەم گەورەییە دوای چی بکەوم؟ خەسڵەتی شاعیربوون لە مندا ئەبێت ڕاکردن بێت بە دوای چیدا؟ خەسڵەتێک کە بۆماوە نییە ئەوەندەی دەستکردێکی جوانپەرستی و مەعریفیانەی ئینسان خۆیەتی. بەڵام دیسانەوە وێنەی پاسە سوورەکە و نەخشەی شیعرەکەی ناو جزدانەکەم خستمیانەوە ناو خەیاڵی سەفەرەکان. کردمیانەوە بە ئەکرۆباتەکە، تۆ بڵێی نووسین و باسکردنی ئینسانەکان جۆرێکی تر نەبێت لە ئەکرۆبات بازی؟ واتا نووسەریش لە کاتی نووسیندا هەمان کاری ئەکرۆباتی بکات و دواتر گێرانەوەکانی خۆیمان بخاتە بەردەم. لەکاتێکدا پاڵەوانبازییەکەی نووسەر تەنها بردنی خۆی نییە بەسەر ئەو پەتەدا، بەڵکە بردنی خەون و خەیاڵ و تەمەناکانی خۆی و ئینسانەکانی ترە لەگەڵ خۆیدا و گواستنەوەیانە بەسەر ئەو پەتە باریکەدا. ڕەنگە نووسینی باش ئەو نووسینە بێت کە باس لەو پەڕینەوە ترسناکە بکات، کردەی نووسەر و ئەکرۆبات زۆر لەیەکتری ئەچن، نووسەر گەر نووسەرێکی خراپ بێت ناتوانێت خوێنەران بەسەر پەتی خەیاڵی خۆیدا بپەڕێنێتەوە، ئەکرۆباتی خراپیش کەس نایەوێت سەیری بکات بۆ ئەوەی خەیاڵی ئازادی خۆی نەکوژێت. تەنهایی ئەم دوو کارەکتەرە لەیەک ڕووەوە زۆر لەیەک ئەچن کە هەردووکیان بەسەر پەتەکانیانەوە تەنهان. مەرگی هەردووکیشیان لەبەردەم ئینسانەکانی تردا یەکسانە، ئەو لە ناو نووسینە خراپەکانیدا ئەمرێت و ئەمیان لەبەردەم ئەو بینەرانەدا ئەکەوێتە خوارەوە کە سەیری ئەکەن.